

پۆل شاوول:

# ژیان زنجیرەیەک خۆکوژیی جێبەجێ نەکراوە

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

هەر لەیەکەم بینینەوە هەست بەجیاوازی دەکەیت, هەر لەیەکەم بینینەوە دەچێتە دڵەوە, وەك چۆن دەچێتە دڵییەوە, شاعیری حەقیقەتو جوانی, شانۆنووسو رۆشنبیری گەورەو هێمنو نازك, بێ هاتو هاوارو سینگ دەرپەڕاندنو پاریکردن بە زمان, لەژیانو ئاهەنگەکانو دیاردە شیعرییەکان گۆشەگیر, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەکانگای شیعرو رۆشنبیریی عەرەبی وجودی خۆی هەیە, وەك چۆن مردنی چۆلەکە بچووکەکەی لەونبوونیدا گریاندی, بەهەمان شێوەش ئەو بارودۆخەی کە بەسەر جەماوەری عەرەبیدا هاتووە دەیگرێنێ, وەك چۆن خوێنەرێکی باشی ئەدەبی عەرەبییە, بەهەمان شێوەش خوێنەرێکی باشی ئەدەبی جیهانیشە, نزیکەی شەش هەزار قەسیدەی لەشیعری جیهانی وەرگێراوە, تاسنووری نازکی راشکاو, بوونەوەرێکی شیعری بەهەموو دەلالەتەکانی وشە.

لەیەکێك لە ئێوارە شیعرییەکانی بەیروت لەقاوەخانەی **(المودكا)** شەقامی (**الحمراء**) کە هەمیشە لەوێ بەیەك دەگەین, ئەو گفتوگۆیەمان. لەبارەی شیعرو شانۆو ژیانو ژنو خەون دامەزراند.

*** پۆل شاوول شاعیرێکە قەسیدەی پەخشان دەنووسێت, رەخنەگری شانۆییەو نووسەری شانۆ, چیرۆکنووس, ئێستاش کاری رۆژنامەنووسی دەکاتو لێپرسراوی بەشی رۆشنبیریی رۆژنامەی (المستقبل)و پێشتریش لە رۆژنامەی (النهار)و (التفسير) کاری کردووە, هەموومان ئەوە دەزانین, بەڵام (پۆل شاوول)ەکەی دیکە کێیە, رووخسارە جیاوازەکەی پۆڵ شاوول کامەیە؟**

– مێژووە وردودرشتەکان لای هەمووان, بۆتە مێژوویەکی راگەیەنراو ئاشکرا, چونکە شار بچووك بۆتەوەو لەسەر هەمان شاری پەنجا ساڵ پێش ئێستا نەماوەتەوە, وەك کۆگای نهێنیو شتە پەنهانەکان نەماوەتەوەو ئەمڕۆ هەریەکێك لەئێمە بۆتە شتێکی راگەیەنراو بەهەموو وردەکارییەکانەوە, ئاشکرایە, من کەسێکم مێژوویەکی دیارم هەیەو لە زانکۆی لوبناندا لەڕابەرانی بزاڤی قوتابیان بووم, ئێمە جۆرێك لەشۆڕشی قوتابیانمان پێکهێناو بەخۆپیشاندان هەڵدەستاین, من رابەرایەتی ئەو خۆپیشاندانانەم دەکرد, چەندان جار کەوتمە زیندانەوە. بەڵام لەشەڕدا دژی هەمووان وەستامو ژیانی خۆم لەسەردانا, چونکە من لەیەکێك لەناوچەکان لەخەڵكو خێزانو تیرەکەم یاخیبوومو چوومە ناوچەیەکی دیکە کە بۆ من توندی کەمترو لێبووردەیی زێتر تیابوو, چوومە شوێنێ کە تەنها یەك تیرە, تەنیا یەك حزب, یەك فیکرە, یەك تفەنگ دەسەڵاتی بەدەستەوە نەبوو.

هەر لەگەڵ هەڵگیرسانی ئەو شەڕەوە هەستمکرد شەڕێکە لوبنانییەکان وەك جەماوەر هیچ پەیوەندییەکیان پێوە نییەو سەرۆکەکان رووی دەرەوەی ئەو شەڕە بوونو تیرەکان روویەکی دیکەی هەردوولا بۆ دابەشکردنی وڵات, جەماوەریان بەکاردەهێنا, بۆ وپرانکردنو کۆچ پێکردنتو دەسبەسەراگرتنی رۆحی خەڵکەکە.
تیرەخوازی لە لوبنان وەك فیکرە, فیکرەیەکی رەگەز پەرستانەبوو, یارییەك بوو کە جولەکە دەیکرد, روویەکی دیکەی بێ بڕوایی بوو بۆ ئایین, لەڕێگەی کوشتنو کۆچ پێکردنو راگەیاندنو حزبەکانەوە زێتر خۆی دەچەسپاند, من لەپەراوێزی ئەو ئایینانەوە بووم, کە دەخرایە نێو شەڕەوە, بێ لایەن نەبووم, من دژی هەمووانم نووسی, دژی هەمووانم نووسی, هەمیشە گۆشەگیر دەبووم, من زۆرم لەبارەی شەڕەوە نووسی وەك شیعر, شانۆ, چیرۆك, ئەوەی کەژیانی من لەپێش جەنگو دوای جەنگ جیا دەکاتەوە, گۆشەگیرییەو من لە گۆشەگیرییەکی گەورەدا ژیام, هەتا ئێستاش, من پەیوەندییم بەهەموو چالاکییەکانی ژیانەوە پچڕاند, من ریشەی خێزانیم پچڕاند, لەداوێن پیسی دوورکەوتمەوە, من کەسێکم تەواو گۆشەگیر.
سێ شوێنم هەیە, نووسینگە- قاوەخانە- ماڵ, هیچ شوێنێکی دیکەم نییە, نەحەز لە بەکۆمەڵبوون دەکەم, نەبەدوای بانگهێشتنی ئێواران دەچم, نەفیستیڤاڵەکانی شیعر...هتد.
من واهەستدەکەم کاتێك کەشتێك لەشێوەی پەتای کۆلێرە, لێرە لەشارێك, هەر شارێك, پەتای کۆلێرەی تیرەیی, کرێگرتەیی, بڵاوبێتەوە, پێویستە مرۆڤ لەڕێگەی گۆشەگیرییەکی زیندووەوە خۆی بپارێزێ, تاوەکو ئەوانی دیکە نەبێت.
بڕوام بەڕزگاربوونی بەکۆمەڵ نییە, چونکە جەماوەر کۆتایی هاتووە, یان کۆتایی پێهات, وەك هیواو هێزو ناکۆکی, ناشێ لەدووتوێی دیموکراسی عەرەبیدا جێبەجێ بکرێ, جەماوەر هەموو لەوڵاتی عەرەبیدا لەیەك دەچن, یەك جەماوەرن, ئەوەش جێگای پەژارەو داخە, ماوەیەکە نەچوومەتە ناو هیچ حزبێکەوە, هەروەها هیچ کارێکی بەکۆمەڵیش, لەهەمووان دابڕاوم, ئەو گۆشەگیریو دابڕانەش جۆرێکە لە جۆرەکانی ئازادی, ئەگەرچی ئازادییەکی بەئازاریش بێت, ئەوە منم زۆر دەنووسمو زۆر دەخوێنمەوەو کەم بڵاو دەکەمەوە.
*** ئایا نووسین بەگشتیو شیعر بەتایبەتی جۆرێك لەهاوسەنگی بۆ تۆ بەجێهێناوە؟**
- بێگومان ئەگەر شیعر نەبایە وەك ئەوانیدیکە دەبووم, رازیبوونی من تەنها رازیبوونێکی سیاسییانەی رووت نییە, بەنسبەت ئەوانیدیکە ئەو رازیبوونە خۆی لەگەڕان بەدوای دەسەڵاتو ساماندا دەدۆزێتەوەو چونکە ئەوان شاعیر نین, شاعیر گەورەترین شتە لەدنیادا, ئەگەر هەر تەنها یەك رستەی شیعری نووسیبێ, لێرەدا هیچ شتێك لەشاعیر گەورەتر نییە, جا قەبارەی هەر چەند بێت, شیعر دارستانە, ریشەیە, کانییە, شیعر یارمەتیدام درێژە بەژیانم بدەم, دژی کوشتن بنووسم, شیعر ناکوژێ, دزی ناکات, کۆچ ناکات, ناشێ ببێتە کرێگرتەی هیچ رژێمێك, هیچ تیرەیەك, شیعر نابێتە تیرە پەرستو خێزانپەرست, شیعر مادەی زێدە بەهای رۆحی هەموو شتەکانە, شیعر مرۆڤخوازە, شاعیر چەند گۆشەگیرە, ئەوەندەش بەهێزە, چەند وێرانەیی رەتدەکاتەوە ئەوەندەش شیاوی بەها مرۆییەکانەو ناڵێم بەها ئەخلاقیە باوەکان, شیعر هەر تەنها هاوسەنگی بۆمن دابین نەکردووە, بەڵکو هۆی بوونمە.
*** پتەوی پێبەخشیوویت؟**

- مەسەلە پتەوی نییەو من واهەستدەکەم ئەگەر شیعرم نەنووسیبایە ژیانم جیاواز دەبوو, شیعرم نەنووسیبایە ژیانم جیاواز دەبوو, شیعر ڕێبازی بیرکردنەوەیە, ڕەسەنە, شیعر نەبایە, مردن دنیای داگیر دەکرد هیچ جارێك لەژیانمدا هەولی سامان و پلەو پایام نەداوە, لە ژیانمدا وەزارەتی رۆشنبیریم پێ نەزانیوە, هەر تەنها لە تەلەفزیۆن نەبێ بەهیچ وەزیرێکی رۆشنبیری نەگەیشتوم, لە ژیانمدا مالێکی گەورەم نەبووە, من مالێکی بچوکم هەیە, وەك بەهەشت وایە, ئەوە شیعرە هەولنادا روو لەوانیدیکە بکات.

* مالْ نووسینگە-قاوەخانە, سێ شوێنن, بۆ ئەو گۆشەگیرییەی هەلْتبژاردووە, ئایا هیچ پەیوەست بوونێك لەنێوان شاعیرو شوێندا هەیە؟

- شیعر ئەو حالەتەیە پەیوەستبوون دروستدەکات, من بڕوام بەشیعرییەتی شوێن و مرۆڤبوونی شوێن هەیە, بەنسبەت شاعیر شەقامی بێ مرۆڤ, شەقامێکە لەدەرەوەی بوون, لەقاوەخانەدا, مێزی بێ مرۆڤ, مێزێکە وجودی نییە, بێگومان مرۆڤ مانای خودی بەشوێن دەبەخشێ, یان (دەسەلات) بەشوێن دەبەخشێ, یان مانای شیعریی.

شوێن و گۆشەکانی (بۆ نموونە مالْ) لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت, هەیە دەیەوێت درێژبوونەوەی مێژوو بێت, وەك گۆڕ, هەیە دەیەوێت شوێنێك بێ بۆ منالبوون و خێزان, هەیە دەیەوێت سێنتەری دەسەلات بێت, من وەك شاعیرێك دەمەوێت شوێنێکی کراوەبێت بۆ نووسینی شیعر.

شۆستە زۆرم لەبارەی شۆستەوە نووسیووە, شۆستە یادەوەری شارە, بۆ نموونە شۆستەی شەقامی (**الحمراء**) بەر لەشەڕ یادەوەری بەیروت بوو, لەشەڕدا ئاوێنەی بەیروت بوو, وێنەی شەهیدەکان, چەك, ترس, بەر لەشەڕ شوێنێکی بەرفراوان بوو, بەلام بوو بەشوێنی ترس.

* ئەی دوای شەڕ؟

- بوو بەشوێنێکی بێ پێناسە, بەلام ئەو پەیوەندییەی نێوان و نێوان شوێن, خودی شاعیرە, شاعیر شۆستەیە, من تەواوی شۆستەکان شارەزام, کاشیەکانی دەناسم, رووی خەلکەکە بۆتە بەشێك لەمن, هەموویانم خۆشدەوێت, حەزدەکەم رۆژێك بیاندۆزمەوە نەکەومە نێو رۆتین, نەکەومە نێو ونبوونەوە, نەکەومە نێو یادەوەرییەوە, من هەتا ئێستا ئامادەم, بەیانیان جوانترین شت لای من ئەوەیە کە لەمالەوە بە کۆلانەکانە بەرەو قاوەخانە دەچم.

دووبارە قاوەخانە, من عاشقی قاوەخانەم, لەقاوەخانە دەخوێنمەوە, لەقاوەخانە دەنووسم, من تەمەنم چواردە سالان بوو, کە لەقوتابخانە رامدەکردو بەرەو قاوەخانە دەچووم قاوەخانە شوێنێکی راگەیانراوە, نهێنی تیانییە, بەپێچەوانەی دالدەکانەوەیە, شوێنێکی روونە, هیچ نهێنییەکی تیا نییە, لەهەمان کاتدا شوێنێکی گشتییە, قاوەخانە لەشار ناپرسێ کێ هاتووە, بەگشتی شار ناپرسێ کێ هاتووە, ئەگینا وەك گوندی لێدەهات, من شار بە قاوەخانە ناودەبەم, گۆشەگیرییەکە بەخەلك داپۆشراوە, لەقاوەخانە دادەنیشم پڕە لەخەلك, لەگەلْ ئەوەشدا من هەمیشە تەنیام, مەبەستم بەیانیانە بەرلەوەی ناسیاوەکان بێن, ئەویش دوای ئەوەی دەچنەوە, ئەو شوێنەم زۆر خۆش دەوێ- ئەو تەنیاییە ئاوەدانەم خۆش دەوێت.

* ئایا ناتەوێت پەیوەندی لەگەلْ ئەوانیدیکە دروستبکەیت؟

- ئێستا نەخێر.

* جان پۆل سارتەر دەلێت: ئەوانیدیکە دۆزەخن, ئایا تۆش وا دەلێیت؟

– نەخێر... من ئەو قسەیەی سارتەر ناکەم, ئەو بەشێوەیەکی ئایدیۆلۆژیانە قسەی دەکرد, من رقم لەئەوانیدیکە نییە, ئەوان دۆزەخ نین, بەلام هەستدەکەم دوای ئەو هەموو جەنگە, ئەو هەموو وێرانییەو ئەو هەموو ژاوە ژاوە, گۆشەگیری جوانترە, من ئێستا لەگەڵ بەر لەشەڕ جیاوازم, ئەو کات لەهەوایەکی کراوەدا دەژیام, لەگەڵ خەڵكو لەگەڵ کۆمەڵ, لە خۆپیشاندانو کۆڕو خەونەکانداو لەدوای شەڕ بەشێك لە گۆڕانەکانی من ئەوەیە, بابەتەکە پەیوەندی بەخودی خۆمەوە هەیە, هیچ پەیوەندی بەئەوانیدیکەوە نییە.

* تۆ تەنیایت, ئایا کە چاو لەسبەی دەکەیت, یان دواتر, لەو تەنیایەی خۆت ناترسیت؟

– نەخێر بەپێچەوانەوە, هەرچەند بەناوساڵ دەکەوم, گۆشەگیرییەکەم درەوشاوەو بێگەردو سپیتر دەبێت.

* زەمەن ناتترسێنێ؟

– زەمەن نامترسێنێ.

* ئەی مردن؟

– مردن دەمترسێنێ, بەلام بەدڵمانایەو وەسواس نیم, ئێمە نەلەدایکبوونمان هەڵبژاردووە, نەمردنی خۆمان هەڵدەبژێرین, ئەگەر بەلەدایکبوونمان زانیبایە رەنگە ترسی خستبایە دڵمانەوە, بەلام لەبەرئەوەی لەدایکبوون نامترسێنێ, بۆیە مردنیش بەو پلەیە نامترسێنێ.

* بەلام ئێستا پێدەزانیو لەماناکانی دەگەیت؟

– بەڵێ, پێدەزانم, بەلام مردن ئاخاوتنە, ئاخاوتنێکی تیۆرییە, کەس نازانێ چییە.

* ئەوەی لەمردن جێگای ترسە, ئەو شتە نادیارەیە, کە کەس نازانێ چییە.

– بۆیە وەك وەهم دەمێنێتەوە, هەتا (گۆدۆ) دێت.

* گۆدۆ مەرگە؟

– گۆدۆ دێت, بۆ گریان نایەت, بەلام دێ, بەرۆژ دێ, بەشەو, کاتێ دێ کە لەسەر شۆستە لەگەڵ ئافرەتێك وەستای خۆشت دەوێ.

* چ حاڵەتێك بۆ مردن بەباش دەزانیت؟

– ئەو کاتەی کە دەنوومو هەڵناسمەوە, مردن لەگەڵ خەون تێکەڵ دەبێت, بەهێمنی, لەسەرخۆ دێ, تێکەڵ بەحاڵەتی نووستن دەبێت, تێکەڵ بەتاریکی دەبێت, تاریکیو بێدەنگی, جوانترین شت لەمردن حاڵەتی بێدەنگییە, کەسەکە بێدەنگ دەبێت, هەموو شتی دەوروبەری بێدەنگ دەبێ, ساتی نەبوونی جوانترینو پاکترینیانە.

* خۆپەرستیت وەك مرۆڤ, وەك شاعیر (گرنگترینیانە) ئایا لەو فیکرەیە ناترسێ کە تۆ لەناو دەچیت, کەچی دنیای دەوروبەرت بەردەوامە.

– ژیان حاڵەتە, کۆمەڵێك وەهمی بچووکە, شاعیر شێتی ژیان بەشێتی مردن دادەنێ, شاعیر هیچ شتێکی نییە لەدەستی بدات, وەك دەڵێن سەربەرزی مرد, سەربەرزی شاعیر بێدەنگیەکەتی, گۆشەگیرییە لەگەڵ کاغەزدا, کاغەزیش مادەیەکی مردووە مێز مادەیەکی مردووە.

* بەلام تۆ شتێکی زیندوو دەنووسیت.

– بەمردن دەورە دراوە, بەرەو ماڵەوە دەبمەوە, لەناوەڕاستی نووسینگەکەم دادەنیشم, هەر لەشکسپیرو پێش شکسپیرو دوای شکسپیر هەموویان مردوون, بێدەنگ, بەشێك لەمن مردووە, ماڵەکەم بەشێکە لەمن, نیوە مردووە, هەموو ئەو شاعیرانەی لێیان دەخوێنمەوە مردوون.

*** بەڵام لەگەڵتدان.**

– مردووون، مردن بۆمان دەگەڕێتەوە، باوکم مرد، دایکم، هەموو مردووون بەڵام لەمندا ماونەتەوە.

*** ئایا مردنی کەسە نزیکەکان واناکات فیکرەی مردن ئاسایی بکەوێتەوە؟**

– بەنسبەت من ئەو ساڵە وەرزی مردن بوو، زاواکەم مرد، کوڕی خوشکەکەم مرد، گەنجێك بوو خۆشم دەویست، خاڵم مرد، هاوەڵی تەمەنم مرد، بەڵێ هەموو ئەو شتانە لەمردن نزیك دەبێتەوەو بەشێك لەمن بەمردنی ئەوانیدیکە دەمرێت، ئەوان یادەوەری من بوون‌و مردن، واهەستدەکەم هەموومان بەفیکرەی مردن رادێین، ئەوانەی مردن ژیان لەبیرمان دەباتەوە، بەتۆز دایاندەپۆشێت.

هەندێك جار دادەنیشم‌و بیر لەهەمووان دەکەمەوە، لەهەڵوێست، وردەکاری، ناوەکان، روخسارەکان، شتێکە لەشانۆ دەچێ، سەردەکەون‌و شوێنەکە رووناك دەکەنەوە، لەمن دەردەکەون، کەواتە ئەوان لەوەهمدا مردوون، واتە بەشێك لەمن مردووە، بەنسبەت ئێمە مردن بۆتە شتێکی رۆژانە، لەگەڵی راهاتووین، مردن دەترسێنێ، بەڵام نەك خولیاکەی، ئەو هەموو خەڵکە لەنزیك تۆوە دەمرن، بەڵام هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە کەتۆ لەمردن بترسیت، چونکە بەشێك لە تۆ لەگەڵ ئەواندایە.

*** با بۆ شیعر بگەڕێینەوە، لەیەکێك لەچاوپێکەوتنەکانت دەڵێیت: ئەو قەسیدەیەی کە گۆرانی دەڵێ شیعرێکی گەورە نییە؟**

– بەڵێ لەقەسیدەی ئاوێتە دەدوێم، ئەو جوانترینە، قەسیدەی ئاوێتە گۆرانی ناڵێ.

*** ئەی کێش؟**

– شیعری جاهیلی هەر لەسەردەمی جاهیلییەوە هەتا ساڵانی چلی ئەو سەردەمە کۆمەڵێك قەسیدەی کێشداری جوانی پێشکەش کردووە، بەڵام ئێستا رۆڵی تەواو بووەو هەتا تەفعیلەش رۆڵی تەواو بووە، مەعقول نییە هەتا هەتایە بمێنێتەوە، شیعر بەر لەکێش، لەگەڵ مرۆڤدا لەدایکبووەو لەگەڵ هەستەکانی، ترسەکانی، خەونەکانی مرۆڤ بووە، کێش زمان نییە، ئامرازی زمانەو رۆڵی تەواو بووە، ئەمڕۆ شیعری ستوونی کێشدار شتێکی نوێ پێشکەش ناکات، قەسیدەی پەخشان ئازادییەکی تەواوی تیایە، مەسەلەی ژیانە، ئەوەی مەسەلەی دنیا بەکێش دەورە بدات، وەك ئەوە وایە کەفەزا بەڕاستەو پرگال دیاری بکات، کێش شتی گرنگ دەبەخشێ، بەڵام ئەمڕۆ رۆڵی تەواو بووە، تەفعیلەش لەلوبنان پوکاوەتەوە.

*** بەڵام کۆمەڵێك ناو لەلوبنان هەن، قەسیدەی تەفعیلە دەنووسن.**

ئەوانە شاعیری فیستیڤاڵەکانن، خاوەن قوڕگی فیستیڤاڵەکان، ئەمڕۆ قەسیدەی ئاوێتەی نوێ گرنگە، لە (90٪)ی شاعیران لەلوبنان قەسیدەی پەخشان دەنووسن، لەسوریا نزیکەی 40٪، لەمیسر نەوەیەك بەتەواوی قەسیدەی پەخشان دەنووسێت، لەلوبنان ئەو جەنگە (30) ساڵ زێترە تەواوبووە، ئەو کاتەی کە کتێبێك دەرچوو گوتی: ئەوە شیعرە، بێ ئەوەی بۆ کێش بگەڕێتەوە. ئێستا لەمیسر بابەتێکی توندە. ئەو کاتەی لەسوریا یەکلاکرایەوە، لەخەلیجیش ئەو گیروگرفتە هەبووە.

*** تاڕادەیەك یەکلاکراوەتەوە.**

– ئێستا گیروگرفت نییە، بەڵکو ئیشکالیەتە.

*** بەڵێ ئەوە راستە بۆتە ئیشکالیەت، رات بەرامبەر قەسیدەی دیمەن ئامێزی چڕوپڕ چییە؟.**

– من یەکەمین کەسم کە لەساڵی (1977) قەسیدەی **(وجه يسقط ولايصل)**م نووسی، ئەو رۆژە بەقەسیدەی سپی ناوزەدم کرد.

*** ئایا فۆرمێکی جوانی شیعرە؟**

– نەخێر تەنها فۆرمێکە لە فۆرمەکانی شیعرو بۆ نموونە لەقەسیدەی (موت نرسیس) پەرەگرافی جوانم هەیە، یەك رستەیە لەپێنج لاپەڕەدا، ئەوە ئەزموونە، نابێ شاعیر لەیەك ئەزمووندا گیربخوات، خراپتریش ئەوەیە خۆی دووبارە بکاتەوەو بۆ خۆی ببێتە تووتی، لاسایی شاعیرێکی دیکە بکەیتەوە باشترە لەوەی خۆت بجویتەوەو چونکە رەنگە لەوی دیکەدا شتێکی نوێ بدۆزێتەوە، کەواتە شیعر بەڕێگایەکی راستدا ناڕوات، شیعر بزاڤە، جوڵەی شاعیرە، جوڵەی سۆزو ئازارە.

* بڕوات بەچارەنووس هەیە؟

– ژیان چارەنووسە، لەدایکبوون چارەنووسە، مرۆڤ کە بە خۆکوژی هەڵدەستێ، چارەنووس دەشکێنێ.

* خۆکوژی بەهێز دادەنێیت؟

– حاڵەتێکە لەبێ هێزی، خۆکوژ لەساتەوەختێکی داخراو دەژێت، خۆکوژ وا دەزانێ هەموو دنیا وازی لێهێناوەو ساتەوەختێکی داخراو، کە مرۆڤ لەسەر خۆی دادەخات. ساتەوەختێکە هەست بەکۆتایی گەردوون دەکرێ، رەنگە لەپێناو ئافرەت بێت لەپێناو سامان، خوا، لەپێناو ئایین، من قسە لە خۆکوژی سیاسیو پێشمەرگایەتی ناکەم، باس لە خۆکوژی وجودیانە دەکەم، ئەو کاتەی مرۆڤ هەستدەکات کە هەموو شتێ وازی لێهێناوە، بەرەو پێشەوە رادەکات لەبەرامبەر دیوارێکی داخراودا، خۆکوژی راکردنە بۆ پێشەوە، باوەڕێکە هیچ کەسێك نازانێ سروشتی خۆکوژی تیایە یان نا، هەندێ لەشاعیرو نووسەران زۆر بەهێزبوون، بۆ نموونە (جوتو) نووسینەکانی پڕبوون لەهیواو هێز، کەچی خۆی کوشت، خۆکوژی لەساتەوەختێکدا دێت کەکەس نازانێ لەکوێوە هاتووە، خۆکوژی لۆژیکی تیا نییە، مەزاجی تیا نییە، مۆرکی تیا نییە، لەناو هەمووواندا هەیە، هەندێ جار دەردەکەوێتو وندەبێت بێ ئەوەی کەسەکە پێی بزانێت، لێرە مۆرکی خۆکوژیو مۆرکی خۆنەکوژی نییە، بەڵکو ساتەوەختێ هەیە مرۆڤ تیایدا دەتەقێتەوەو خۆی دەکوژێ، خۆکوژی وەك فیکرە لای ئێمە وجودی هەیە، کاتێ بەخێرایی ئۆتۆمبێل لێدەخوڕی خۆکوژییەو جگەرەکێشان خۆکوژییە، خواردنەوە خۆکوژییە، هەندێ جار خواردن خۆکوژییە، خۆکوژی لەناوماندایە، ژیان زنجیرەیەك خۆکوژی جێبەجێ نەکراوە، هەریەکێك لەئێمە خۆکوژکارەو لەهەمان کاتدا خۆکوژکاریش نییە.

* هەندێ لەقەسیدەکانی تۆ وەك قەسیدەی گوازراوەی خۆرئاوایی تەماشا دەکەن، بەواتایەکی دیکە تۆ خوێنەرێکی گرنگی بەزمانی فەرەنسی دەدەیت، لەزمانی فەرەنسییەوە زۆرت وەرگێڕاوەو تۆ بەوە تاوانبار دەکرێیت کە زۆر لەژێر کاریگەریی شیعری فەرەنسی دایت؟

– من شیعری فەرەنسیو چینیو یابانیو هیندیو یۆنانیم وەرگێڕاوە، من شەش هەزار قەسیدەم لەشیعری جیهانی وەرگێڕاوە.

* ئایا خوێندنەوەی شیعری ئەویدیکە وای لێنەکردوویت قەسیدەی پەخشان بنووسیت؟

– نەخێر، کەشی گشتی، ئەگەر من لەسالآنی (30) لەدایکبوومایە، قەسیدەی پەخشانم نەدەنووسی، زەمەن پاڵی پێوەنام بینووسم، تۆفیق ئەلصایغ لەساڵی 1948 قەسیدەی پەخشانی نووسیوە، ئونسی ئەلحاج 1957، ئەدۆنیس 1958، محەمەد ئەلماغوت 1950، هەموو ئەوانە رێگایان بۆ ئێمە خۆشکرد، سەرەڕای خوێندنەوەی زۆرم، من هەر تەنها شیعری فەرەنسی وەرناگێڕم، کتێبێکم بەناوی (هەڵبژاردەیەك لەشیعری جیهانی) هەیە، کە شیعری رووسیو ئینگلیزیو یۆنانی تیایە، من وەك شیعر لە رۆشنبیرە گەورەکان دەژمێردرێم.

* پێتەوە دیارە.

– لێرە کۆمەڵە شاعیرێکی فەرەنسی هەیە, من بەگرنگیان دادەنێم, شیعر فێری کردم, شیعری هیندی فێری کردم, کورتکردنەوەی شیعری یابانی, شیعری چینی فێری کردم, مالارمێ فێری کردم, من مامۆستای ئەدەبی عەرەبیم, دە ساڵە فێرکاری ئەدەبی عەرەبیم, ئەبو تەمام, ئەمرو ئەلقەیس, جاحظ, رۆشنبیری عەرەبیم زۆر قووڵە, هەروەها رۆشنبیریی جیهانیم, رێزو وەفام بۆ هەموو ئەو شاعیرانە هەیە, کە کاریان لەمن کردووە, زۆرجار دەکەومە ژێر کاریگەریی شاعیرێك کە لەئاستی مندانییە, دەکەومە ژێر کاریگەریی درەخت و لەبارەیەوە دەنووسم, هەمووشت کاریگەرییە, هیچ شتێ لەنەبوون نایەت, سەیاب بەئەلیوت کاریگەربوو, بەیاتی بەنازم حیکمەت و نیرۆدا, ئەدۆنیس بەسان جۆن پێرس, ئونسی ئەلحاج بە سوریالییەکان, یوسف ئەلخال بەئەلیوت, خەلیل حاوی بەئەلیوت, ئەلیاس ئەبوشەبەکە بە بۆدلێرو دوفنینە, سەعید عەقڵ بەڤالیری و فیرلین... رێنیسانسی شیعری لەرۆشنبیری شیعرییەوە بەرپا دەبێت شاعیر کە رۆشنبیریی شیعری سنووردار بوو, ئەزموونەکەشی سنووردارە, هەورەها ئەزموونی ژیانیش لێرە وجودی خۆی هەیە, هونەری ناوەوەم و دەرەوەم لەخوێندنەوەی ئەویدیکەوەیە, من هەندێ جار هەموو رۆژێ کۆمەڵێك شیعر لەقاوەخانە دەخوێنمەوە, ئێستا شانۆ دەخوێنمەوە, هەموو رۆژێ شانۆیەك.

* ئایا حەز لە خوێندنەوەی رۆمان دەکەیت؟

– بەڵێ بەڵام وەك دەڵێن رۆمان لەشیعر کەوتۆتەوە, ئەوەی کە رۆمان لە (300) لاپەڕە دەیخاتەڕوو, شیعر لەیەك لاپەڕەدا دەیلێ, من حەز لەزۆربەی رۆماننووسە عەرەبییەکان دەکەم, یوسف حەبەشی ئەلئەشقەر, ئیبراهیم ئەسلان, نەجیب مەحفوز, حەز لەکارە کۆنەکانی حەننا مینە دەکەم, سەلیم بەرەکات حەز لە رۆمانەکانی دەکەم, چونکە تێکەڵ بەشیعر دەبێت, حەز لە جەمال ئەلغیتانی دەکەم, ئەزموونکردنی کەلەپوور لای ئەو بەزیندوو دەبینم.

* ئافرەتە رۆماننووسەکان.

– هودا بەرەکاتم حەز لێیە.

* ئەحلام موستەغانمی.

– حەزی لێ ناکەم, حەز لە رۆمانێك ناکەم ئافرەت وەك مەسەلە تەماشا بکات, حەزم لە ڕۆمانێکە کە ڕۆمان بێت, نەك لە پێناو ئایدیۆلۆژیای ئافرەت هەر تەنها بەئافرەتەوە پەیوەست نییە, منیش دەگرێتەوە, وەك چۆن مەسەلەی پیاویش خودی ئافرەت دەگرێتەوە, مەسەلەی ئەدەبی پیاوان و ئەدەبی ئافرەتان جێگای پێکەنینە, چ جا لە لوبنان و سوریا, لێرە ئافرەت بەهێزە, بەشێوەیەکی دروست کاردەکات, دەسبەسەراگیراو نییە, ئەو سەدەیە, سەردەمی ئافرەتە, یەکەم سەدە جیابوو, ئێستاش جیایە, رەنگە ئەوە راست بێت کە ئێستا هەوڵێك هەیە کەدەیەوێ رۆڵی ئافرەت وەك خواوەندی مناڵبوون و خزمەتکاری مناڵ بگێڕیتەوەو بەڵام ژیان بەهێزەو ئافرەتیش بۆ دواوە ناگەڕێتەوە, بەپێچەوانەوە پێش دەکەوێت, ئەو سەردەمە سەردەمی ئافرەتە, ئافرەت سەرۆکی شارەوانییە, سەرۆکی حکومەت, وەزیر, نابێ ئافرەت خۆی وەك قوربانی تەماشا بکات, بەتایبەت ئەوانەی کە رۆمان دەنووسن, هەمیشە قوربانین, بەڵام وانییە.

* با هەر لەبابەتی ئافرەت بمێنینەوەو ئافرەت بەلای تۆوە چی دەگەیەنێت؟

– هەموو شتێك, ئەسڵی ژیانە, سەرچاوەی ژیانە, سەرچاوەی پەند, عەقڵ, پێشبینی, ئافرەت لەژیانی مندا هەموو شتێکە, هەرگیز بیر لەژیانی بێ ئافرەت ناکەمەوە, خۆشم دەوێ, بەهەموو

شتەکانییەوە، حەزدەکەم وەك خۆی ببینم، وەك خۆی حەز دەکات لەرووناکیدا، لەبەر رۆشناییدا ببینرێ، نەك لەتاریکی.

* ئافرەتی جوانت خۆش دەوێت؟

– جوانی رێژەییە، جوانی لەناوەوەی ئافرەتەوە هەڵدەقوڵێ، ئافرەتی جوانم خۆش دەوێت، بەڵام کام ئافرەت جوانە؟ ئافرەتێکی جوان بێنە بەرچاوت، بەڵام ساردو سڕو بێ ژیان وەك بووکەڵە، ئافرەت هەموو شتێکە پێشتر کە فیکرەی خواوەندم داهێنا ئەو خواوەندە چالاکە لەبزاڤی ژیاندا ئافرەت بوو، جوانەکان زیرەکەکان، ئافرەت بوونەوەرێکی دابڕاو نییە، شتێکە لەناوەوەی پیاو، وەك چۆن پیاو شتێکە لەناوەوەی ئافرەت، هەردووکیشیان شتێکن لە ئامرازی ژیان، لەئامرازی شیعرو رۆحی شیعر.

* ئەی سێکس؟

– هەموو شتێ لەژیاندا پێش هەموو شتێ دەکەوێت، ساتەوەختی ئازادییە، ساتەوەختی رزگاربوون، ساتەوەختی دەرەوشانەوە، ساتەوەختی شیعر، سێکس ئەساسی هەموو شتێکە، خۆشەویستی بەبێ سێکس نابێ، خۆشەویستی و سێکس دوو حاڵەتی بەیەکەوەن.

* من سێکس بەحاڵەتی نەبوونی ناو دەبەم.

– تەواو، وشەیەکی وردت هەڵبژارد، سێکس حاڵەتی نەبوونییە، ساتەوەختێکە هەموو شتێ لەناو دەچێ، نەبوونی دەمێنێتەوە.

* گەشتی ژیان چۆن سەیر دەکەیت؟

– وەهمێکی جوانە، پێویستە مرۆڤ وێڕای هەموو شتەکانیش تیایدا بژێت، بەهەموو شتەکانییەوە، بەهەموو وردەکارییەکانییەوە، بەڵام بەشێوازی خۆی.

* دوای ژیان، ئایا ژیانێکی دیکە هەیە، هەندێ لەتیرەکان بڕوایان بەدۆناودۆن و خۆخستنە شوێن هەیە.

– بۆنموونە هەندێ لەبوزییەکان، هەندێ لەتیرە موسڵمانەکان، نەخێر، من وای دەبینم کە ژیان لەگەڵ مردن کۆتایی پێدێ، مردن کۆتایی هەموو شتێکە دوای ئەو هیچ نییە.

* حەز لەسەفەر دەکەیت؟

– هەموو جارێك نا، چونکە من زۆرجار حەزدەکەم لە رۆتینیدا نقووم بم، تۆزی رۆتینم بەسەرەوە بکەوێت، زۆرجار حەز لەدانیشتنی رۆتینی دەکەم، چونکە رۆتین زۆرجار مەرجێکە لەمەرجەکانی نووسین.

* رات بەرامبەر نزار قەبانی چییە؟

– حەزی لێ ناکەم.

* وەك شاعیر نایبنینی؟

– گوتم. حەزی لێ ناکەم.

* وەك شاعیر حەزی لێ ناکەیت؟

– بەڵێ، وەك شاعیر.

* ئەدۆنیس؟

– حەز لەویش ناکەم.

* ئونسی ئەلحاج؟

- شاعیره.
* محەمەد ئەلماغوت؟
- شاعیرێکی گەورەیە.
* ئایا لەبەرئەوەیە کە محەمەد ئەلماغوت و ئونسی ئەلحاج قەسیدەی پەخشانیان نووسیوە؟
- نەخێر.. چونکە شاعیرن ئەدۆنیس و نزار قەبانیش شیعری پەخشانیان نووسیوە، بەڵام ئونسی ئەلحاج و ماغوت بەڕاستی شاعیرن.
* مەحمود دەروێش؟
- شیعرە خەباتگێڕییەکانم حەز لێ نییە، ئێستا مەحمود دەروێش جیاوازو جوانە.
* محەمەد عومران؟
- تاکە شاعیری سوریایە کە دەیەوێت لەدەرەوەی رەوەکە بفڕێت، شاعیرێکی روونە، هەمیشە بەدوای زمانی نوێوەیە، زمانی جیاوازە، زیندووە، جوڵەی تیایە، ئاوییە، تاکە شاعیری سوریایە کە سەرقاڵی زمانی خۆیەتی، ئەوانی دیکە زۆر لەو دوورن، وەك چۆن لەشیعری ئەو دوورن، من ئەو قسەیەم لەزیاد لەشوێنێ، زیاد لەوتارێ کردووە، نەك لەبەرئەوەی تۆ لێرەیت، محەمەد عومران، بێ ئەوەی کەس بەرزی بکاتەوە بۆخۆی دەفڕێت.
* با قسە لە سەعید عەقڵ بکەین، واپێدەچێ هەمیشە لەناکۆکی دابن؟
- بەپێچەوانەوە، من سەعید عەقڵ وەك فۆرمی قۆناغێکی گرنگی شیعر دەبینم.
* ئەدۆنیس لەقەسیدە کلاسیکییەکانی لەژێر کاریگەری ئەودابوو؟
- بەڵێ قەسیدەی (قالت لی الارض)ی ئەدۆنیس لاساییکردنەوەی سەعید عەقڵ بوو، لاساییکردنەوەیەکی پەڕپووت، زمانی ئەدۆنیس وەك سەعید عەقڵ پڕشنگدار نییە، زمانەکەی کاڵە، کاییە، هەورەها یوسف ئەلخال بە سەعید عەقڵ کاریگەربوو، زۆربە لەژێر کاریگەریی ئەودا بوون، سەعید عەقڵ قۆناغێکی سەرەکی بوو لەقەسیدەی ستوونی، لەقۆناغی شیعری ستوونیدا زۆر شاعیر بوو، لەزۆربە شاعیرتربوو، ئەحمەد شەوقیش لەشانۆدا، بەدەوی ئەلجەبەل لەدروستکردنی قەسیدەدا، قەسیدەی جوانی هەیە، بەڵام سەعید عەقڵ لەزماندا لەبەدەوی ئەلجەبەل و جەواهیری بەهێزترە، بەڵام (50) ساڵێك دەبێ وەستاوە، زوو کۆتایی هات.
* باتۆزێ لەبارەی شانۆوە قسەبکەین، ئێستا رات بەرامبەر شانۆ لەوڵاتی عەرەبیدا چۆنە؟
- لەحاڵەتی خۆخواردنەوەدا دەژێت، لەتونس ساڵی 1985 لەلیژنەی هەڵسەنگاندنی نێو دەوڵەتیدا بووم (سەعدوڵڵا وەنوس)یشم، لەگەڵ بوو، ئەوکات نزیکەی بیست شانۆیی گرنگ لەجەزائیر، مەغریب، سوریا، عێراق، لەهەموو نیشتمانی عەرەبی هەبوو، زیاد لەپانزە شانۆ لەتونس... ئێستا دە ساڵیش دەبێت لەهەموو وڵاتانی عەرەبی دوو یا سێ شانۆ زیاتر نابینرێ، شانۆ لە جەزائیر بەهۆی شەڕەوە وەستاوە، لەمەغریب بەشێوەیەکی دیار لەپاشەکشەدایە، هەندێ ئەزموونی تاکلایانە لە بەحرێن و کوێت و لەلوبنان دەبینرێ، هەروەها لەسوریا، هەندێ لەئەزموونی زۆر تاکلایانە لەلایەن قوتابیان، نەك پیشەکاران، دەبینرێ.
ئەگەرچی بزاڤێکی شانۆیی لێرەدا نییە، بەڵام هەندێ ئەزموونی تاکلایانە، کە هەر دوو ساڵێك دروست دەبێت دەبینرێ. شانۆی عەرەبی دوای (150) ساڵ لەسەرهەڵدانی و کەچی ئەمڕۆ دووچاری کڵۆڵیەك بووە کەماوەیەکی درێژە نەیدیووە، لەساڵانی سی چل و پەنجادا تیپەکان لەهەمان رۆژ زیاد لەشانۆیەکیان پێشکەش دەکرد.

شانۆ ئەمڕۆ لەکلۆڵیەکی ترسناکدایە، نامەوێ زۆر بەڕەشبینییەوە قسەی لێ بکەم، دەشێ هەموو شتێ بەحاڵەتێکی راوەستاودا بڕوات، بەحاڵەتی هەڵچوون‌و داچوون، لەسەدەی هەژدەدا، شیعر لەفەرەنسا نەبووو فەلسەفە هەبوو، لەسەدەی نۆزدەدا، شیعر تەقییەوەو بۆدلێر، رامبۆ، لوتریامۆن دەرکەوتن، تکام وایە، ئەو ماوەیە، ماوەی وەستانی شانۆ بێت.

*** شانۆی ئەزموونکاری کە ئێستا لەمەغریب پێشکەش دەکرێ، هەروەها لەوانە ئەزموونی تاکلایانە کە لەنیشتمانی عەرەبی بەدیاردەکەون، شانۆیەك کە تەواو پشت بەنووسراو نابەستێ، واتە شانۆی کلاسیکی نییە.**

– جۆرێکە لەشانۆ.

*** حەزی لێ دەکەیت؟**

– بەڵێ، حەزی لێ دەکەم، بەڵام جۆرێکە شوێنی شانۆ ناگرێتەوە، من بۆم رەخساوە بەدوای هەموو فیستیڤاڵە شانۆیەکاندا بچم، شانۆی ئەڵمانی‌و ئینگلیزیم دیووەو جارێك شانۆی (دانیشتنی نهێنی)یم دی کە (بالیە)ی تیا پێشکەش کرا، بەڵام بێدەنگ، جوان بوو، پێم خۆش بوو، بەشێوەیەك پێشکەش کرا کە زۆر لەدەقە ئەسڵییەکە بەهێزتربوو، بالیەی بێدەنگ جۆرێکە لەشانۆ، سەمای تەعبیری شانۆیەکە بێ قسەکردن، ئەوەش جۆرێکەو ئۆپێرا دەنگێکە بێ جەستە، ئەوەش جۆرێکە لەشانۆ، هەموویان شانۆن، گرفتەکە لێرەدا نییە، لەوڵاتی عەرەبیدا دەرهێنەر، شانۆی وێران کردووە، چونکە هەر بۆ خۆی نووسەر دیاری دەکات، هەموو دەرهێنەرانی عەرەبی بۆ خۆیان نووسەرن، سینۆگرافین‌و نەخشەسازی جل‌و بەرگ‌و رووناکین، دەرهێنەر شوێنی دەق دەگرێتەوە.

شانۆی سنۆگرافی لەسەر دیکۆری گەورە وەستاوە، سینۆگرافیا لەدەرهێنەر بەهێزترە، پاشان سەما هات، راهێنەری سەما شوێنی دەرهێنەری گرتەوە، لێرەدا شانۆ هەیە لەسەر رووناکی وەستاوە، کەواتە دەرهێنەر لەکوێدایە. ترسی شانۆ لێرەدایە کە نەخشەسازی‌و سەما‌و سینۆگرافیا‌و رووناکی شوێنی دەرهێنەرو دەق‌و ئەکتەر دەگرێتەوەو واتە رەگەزە سەرەکییە سییانەکەی شانۆ کۆتایی هاتووە، پەیوەندیی دەرهێنەر بەدەق، پەیوەندیی دوو خەیاڵدانە، خەیاڵدانی دەق‌و خەیاڵدانی دەرهێنەر، نەدەرهێنەر شوێنی دەق دەگرێتەوە، نەدەق شوێنی دەرهێنەر، نەڕۆڵی هیچ رەگەزێك بەتەواوی رەتدەکرێتەوە.

*** کەواتە گیروگرفتی دەق لەئارادا نییە؟**

– گیروگرفتی دەق لەئارادا نییە، چونکە لەنیشتمانی عەرەبیدا کۆمەڵێك نووسەری شانۆیی هەن، پاشان نووسینی شانۆ ئامرازەکانی لەسەر تەختەی شانۆ بەرەو پێش چووە، وەك شیعر نییە، شاعیر شیعر دەنووسێ دەیخاتە (سووچێکەوە) بەڵام شانۆ دەبێ لەسەر تەختە دەرکەوێت، ئەگینا بەهاو مانا وندەکات، بۆ ئەوەی دەق لەسەر تەختەی شانۆ دەردەکەوێت، دەبێت نووسەرەکەی پەیوەندیی دیکەی هەبێت، بینین، جوڵەی دەنگ، بونیاد، بەڵام ئێستا نووسەر لەماڵی خۆیەتی‌و دەرهێنەر بۆ خۆی نووسەرە، دەرهێنەرەکان بەخۆپەرستی خۆیان شانۆیان وێران کردووە، دەسەڵاتی دەرهێنانیان وەك سەروەریی تەختە بەکارهێناوە، پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ شانۆو بۆ پەیوەندییەکی دەسەڵات ئامێز گواستۆتەوە.

*** ئایا بەگشتی حەزت لەڕەخنەیە؟**

– حەز لەڕەخنە ناکەم، زۆر کەم رەخنە دەنووسم، وتار دەنووسم.

*** ئەی رەخنەی شیعری، ئایا بزاڤی رەخنە خزمەتی شیعر دەکات؟**

– من گرنگی بەقوتابخانە رەخنەییەکان نادەم, بەڵگەشم ئەوەیە هەمویان لەناوچوون‌و تەنها شیعر مایەوە, قوتابخانەی سروشتی, رەمزی, رۆمانسی, واقیعی, سۆسیالیزمی مارکسی, بونیادگەریی, هەڵوەشانەوەیی, سیمیایی, هەموویان رۆیشتن‌و بەس شیعر مایەوە.

هەندێك لەشاعیران بەهای خۆیان لەو رەخنەیەدا دەبینینەوە کە لەسەریان نووسراوە, وەك شاعیرانی واقیعی سۆسیالیزمی, بەڵام ئەوان رۆیشتن‌و لەگەڵیشیاندا شیعرەکانیان رۆیشت‌و نەما, مارکسیەکان دەڵێن: رەخنەی زانستی هەیە, شیعر رەخنەی زانستی ناناسیێ, رەخنە پرۆسیسەکردنێکی درندە ئامێزە لەسەر قەسیدەی بەبەری, رەخنەگر لەناو قەسیدەدا بۆ فیکرەکانی خۆی دەگەڕێت, شێوازی ئامادەی خۆی لەسەر قەسیدە ئەزموون دەکات, مارکسی لەقەسیدەدا بۆ مارکسیەتی خۆی دەگەڕێت, ئەگەر نەیدۆزییەوە, شاعیر بەعەدەمی لەقەڵەم دەدات, بونیادگەر قەسیدە وەك هۆیەك بۆ ئەزموونکردنی ئامرازە رەخنەییەکانی بەکاردەهێنیێ.

رەخنە شتێکە دەکەوێتە دەرەوە, ناشیێ کلیلیێ بیێ بۆ دەقی شاعیرێك, چونکە شیعر خوێندنەوەیەکی خودی‌و فەردییە, لەخوێندنەوەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕیێ, قوتابخانە رەخنەییەکان هەوڵی تایبەتی کۆمەڵایەتی, یان سیاسی, یان ئایدیۆلۆژی, یان زمانەوانین, کۆمەڵە هەوڵێکن دەکەونە دەرەوەی خوێندنەوەی شیعریی.

*** گویێ لەمۆسیقا دەگریت؟**

– بێگومان.

*** چ جۆرێك؟**

– ئۆپێرام زۆر حەز لێیە, حەزم لە گۆرانییە کۆنەکانە, عەبدولموتەلیب, ساڵح عەبدولحەی, هەندیێ لە ئوم کەلسوم, فەیروز بەکۆن‌و نوێوە, بەڵام گۆرانیبێژی هۆڵ‌و خواردنگەکانم خۆش ناوێت, شتە نوێیەکانیشم خۆشناویێ, ئامرازی جازم خۆشدەویێ.

*** جاز لەقەسیدەی ئاوێتە دەچیێ, نزیکە لەنووسینی, بەهەمان پلە سەختە.**

– ئەگەر گۆرانی کۆنی سودانیت گویێ لێبووبێت, جاز لەدەرەوەی خۆی, واتە لەناوەوەدا دەبیستیت, رەنگە هۆکەی بۆ ئاوازی ئەفریقی بگەڕێتەوە, من حەز لە بیستنی گۆرانی کۆنی سودانی دەکەم.

جازو جاز, تەواو, حەز لەمۆزیکا دەکەم, چونکە من لەماڵەوە تەنیام, مۆزیکا رەگەزی سەرەکییە.

*** تۆ کەسێکی خەونبینی؟**

– خەونبینم بەمانایەك لەماناکان, من کەسێکی خەونبینم چونکە هەموو خەونەکانم بەخەیاڵکردووە, هەموو خەونەکانم, ئەوانەی بۆی ژیاوم‌و لەپێناوی تێکۆشاوم, بەخەیاڵیان دەکەم, کەواتە ئێستا کەسێکی خەونبینم.

*** بەچییەوە خەوندەبینی؟**

– خەون بەژیانەوە دەبینم, ئایا دەتوانم لەنووسین‌و گۆشەگیریی بەردەوام بم, ئایا بەر ریسوایی شوێن‌و کۆمەڵ ناکەوم, ئەو خەونانەی لەڕابردوو دەدرەوشانەوە ئێستا گەورەن.

خەون بەوەوە دەبینم کە ئایا دەتوانم بەیانیان فینجانیێ قاوە بخۆمەوەو جگەرە بکێشم, لەبالکۆن راوەستم‌و دەریا ببینم, ئەو چۆلەکەیە دان بدەم کەپێش دوو رۆژو لەکاتی سەفەرکردنم, مرد, لەکتێبێکی کۆن بگەڕێم کە نییە, خەون بەوشتە وردانەوە دەبینم, شاعیرێتی فینجانە قاوەیەك, شاعیرێتی یەکەم جگەرە, شاعیرێتی ئافرەتێکی جوان, ئافرەتێك کە خۆشمدەویێ.

بەڵام خەونی خێزان‌و کۆمەڵ‌و پلەو گۆڕینی دنیا, ئەوانە هەموو وەهمین, شتە حەقیقیەکان ئەو تەپڵەکە جگەرە نوێیەیە کە کڕیوومە, فینجانێ قاوەیە, کتێبێکە دەیخوێنمەوە, ڕۆیشتنە بەسەر شۆستەدا, خەونە, وردەکاریە, کە دەشێ بەکۆتاییەکان ناوی بەرین بەڵام لەناخەوە شاعیرین, ڕەنگە لەبەرئەوەی زۆر فەردین, ئەوانە خەونەکانی منن, خەون بەداهاتوو دەبینم, بەسامان‌و وەزارەتەوە نابینم, خەون بەگۆڕینی دنیاو دامەزراندنی حزب نابینم, دەمەوێ ئەو شتە جوانانەی کەماونەتەوە بیانپارێزم.

* هیچ جار دەگریت؟

– بەڵێ دەگریم.

* چی وات لێدەکات بگریت؟

– هەندێ جار بەدیار فیلمێکی میلۆدرامی بێ کەڵکەوە دەگریم, کەسێ لەڕێگا دەبینم کلۆڵیەکەی بیر خۆم دەخەمەوە دەگریم, هەندێ کەسم بیر دەکەوێتەوە کە خۆشم ویستبوون, دەگریم, هەندێ ئافرەت کەرۆیشتن, هەندێ کەس کەمردوون, کاتێ کە کەسێ دەگری, واتە تائێستاش باشە, هەتا ئێستاش چاوی نەبۆتە شوشە, جەستەی نەبۆتە کانزا, دەستی نەبۆتە کاغەز, کاتێك کەکەسێ دەگری, واتە هەتا ئێستا لاوازە, جوانی مرۆڤ لەلاوازییەکەی دایە, لەهەڵەکانی, هەڵەکانی ئێمە کوشندە نین, هەڵەی جوانن, خۆشەویستی هەڵەیەکی جوانە, شیعر هەڵەیەکی جوانە, هەندێ جار دوو ڕۆژ دادەنیشم‌و بەدوای وشەیەکدا دەگەڕیم, شتێ لەیاری منالان بچێت, شتێکی جوان, بەڵێ من دەگریم, بەڵام ئێستا لەپێشان سەختگیرترم, بەڵێ سەختگیترم, بەڵام دڵۆپ..دڵۆپ, لێرە منالی هەیەو ئاو هەیە, فرمێسك وەك ئاوە.

* ئەگەر گونجا جارێکی دیکە بژیەیتەوە, ئایا بەهەمان شێوە دەژیت؟

– نەخێر, من دەمێکە وازم لەخەونە گەورەکان هێناوە, ژیانی شیعری جوانتر لەوە دەژیم, زێترە ئافرەتم خۆشدەوێت, باشتر, دوور لەوەهمی ئایدیۆلۆژی‌و حزب‌و مێژوو, فیکری مێژوویی تەماشای دنیادەکەم, بەشێوەیەکی زۆر سەرەتاییانە دەژیم, بێ ئاڵۆزی, زووتر واز لەئاواتە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکان دەهێنم, لەنێو غەریزە جوانەکاندا دەژیم, ئارەزوو, خەون, گریان, لەدەرەوەی گەیشتن, دەرککردن‌و چەپەڵی‌و درۆکردن.

* لەژیانی ڕۆژانەتدا درۆ دەکەیت؟

– هەوڵدەدەم درۆ نەکەم, هەندێ جار درۆی سپی دەکەم, بەڵێنێك دەدەم‌و بۆی ناچم, داوا دەکرێم لەتەلەفۆن دەڵێم, بڵێن لەوێ نییە, بەڵام لەبارەی شتە گەورەکانەوە من بەوە ناسراوم کە درۆ ناکەم هەڵبەتە من پیرۆزنیم, مرۆڤ هێزی لەبێ هێزی‌و هەڵەکانیدایە, بەڵام من هیچ بەرنامەیەکم بۆ درۆکردن‌و داوێن پیسی بەدەستەوە نییە, هەموو کەسێك لایەکی خراپەو پیسی تێدایە, هەوڵدەدەم بەپێی توانا کەس ئازار نەدەم, لەلام باشترە خۆم ئازاربدەم, نەك خەڵکیی, هەندێ جار بەدرۆکردن ناچار دەکرێم, ئایا دەکرێ هەموو فیکرەکانی خۆم لەم کۆمەڵگایەدا دەربڕم.

* بێگومان نەخێر...

– ئایا دەتوانیت بەڕاشکاوی رای خۆت لەسەر ئەم‌و ئەو دەربڕیت, ئێمە لە کۆمەڵگای عەرەبیدا پشت بەدرۆ دەبەستین, ئێمە کۆمەڵگای درۆین.

* ئایا چ شارێکت زیاتر لەبەیروت خۆشدەوێ؟

– شاری دیکەم خۆشدەوێ, نیقۆسیا, تونس, قاهیرەم خۆش دەوێت, بەلاّم لەبەیروت زێترم خۆش ناوێت, بەیروت ئێستا هیچ نییە, لەحەفتاکان لەبەیروتدا مرۆی هەموو دنیا دەبینرا.. هەموو قاوەخانەکان کراوەبوون, بارەکان, خواردنگەکان, جیهان تەواو رووناك بوو, بەیروت شارێکە نە لەدنیای عەرەبی, نەلە هیچ شوێنێکی دیکە دووبارە نابێتەوە.

بەیروت خەونێکە جوان جوان بوو, بەلاّم ئەو خەونە بەیروتی کوشت, هەموو لە کوشتنیدا شانیان دابووە بەری, چونکە هەموومانی ریسوادەکرد, ئازادی فیکر, خۆشەویستی, خەون پێشکەوتن, گەشەسەندن, ئابووری, ناکۆکی, شارێك بوو تایبەت و جیاواز.

ئەوەی ئێستا دەیبینین شتە بەجێماوەکانی بەیروتن, ئەو شتانەی دوای وێران بوون ماونەتەوە, دوای بیست ساڵ لەشەڕی ناوخۆ, لەگەڵ ئەوەشدا بەیروت, هەتا ئێستاش لەهەموو دنیای عەرەبی ئازادی زیاتر تیایەو سەرەڕای هەموو ئەوانەش لێرەدا پەراوێزێك هەیە هیوادارم کۆتایی نەیەت, هەتا ئێستاش لێرەدا رووناکییەك هەیە, ئەوەش گرنگە.

* ئێستا چی دەنووسیت؟

– نزیکەی ساڵ و نیوێکە خەریکی دەقێکی درێژم, دەقێکی سەخت, رەگەزی جۆراوجۆرم تیا بەکارهێناوە, دەنگی گۆرانی, لێکۆڵینەوە, داستان, لەڕێگەی شەڕو مێژووەوە چوومەتە ناویەوە, رەگەزی زۆرم تیا بەکارهێناوە, من قەسیدە بەپرۆژەی ساڵێك, دووساڵ دادەنێم, هەندێ جار بەدرێژایی دوو ساڵ قەسیدەیەك دەنووسم, پاشان فرێی دەدەم, شیعر هونەری لابردنە– وەك چۆن هونەری بۆ زیادکردنە– پێویستە شاعیر لای بەرێت, وەك چۆن دەبێ لەگەڵ براکان سەختگیربێ, پێویستە لەگەڵ خۆشیدا سەختگیربێت.

* پۆل شاوول سوپاس بۆ ئەو گفتوگۆیە.

– سوپاس.

تێبینی: ئەم چاوپێکەوتنە لەلایەن نووسەری سووری (رشا عمران) سازکراوە لەگۆڤاری (نزوی) کە گۆڤارێکی رۆشنبیریی وەرزییە لە عومان دەردەچێت بلأوکراوەتەوە, من تەنها مانشێتی ناونیشانەکەم گۆڕیوە, بڕوانە: WWW.Niziwa.com .